دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

# سایکۆلۆژیای کارەکتەر و
# توانا شاراوەییەکانی نواندن لە شانۆنامەی

**بە تووڕەیی ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەرەوە**

**عەلی عوسمان یاقووب**

## ١

ئەگەرچی شانۆنامەی "بە تووڕەیی ئاوڕ لە ڕابوردوو بدەرەوە"، کە شانۆنامەنووسی ئینگلیزی "جۆن ئۆزبۆرن" (١٩٢٩-١٩٩٤) نووسیویەتی و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٦ لە شانۆی "ڕۆیاڵ کۆرت" نەمایش کرا، سەرەتا پێشوازییەکی گەرمی لێ نەکرا، بەڵام دواتر ڕەخنەگرە شانۆییەکانی ئەوسا بایەخێکی زۆریان پێدا بەڕادەیەک، ڕەخنەگری شانۆیی "هارۆڵد هۆبسن"، کە نزیکەی سی ساڵ وەکوو ڕەخنەگری شانۆیی لە ڕۆژنامەی "سەندەی تایمز" کاری کردووە بە "ڕووداوێکی مێژوویی" گرنگ و "کێنێت تینان"ی ڕەخنەگریش بە "موجیزە" ناویان برد. بە گشتی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەکان، شانۆنامەکە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنێن لە مێژووی شانۆی ئینگلیزی چ لەباری ناوەڕۆک و چ لە باری تەکنیکی شانۆییدا. "ئۆزبۆرن" سەرەتا سەبارەت بەم شانۆنامەیە گوتی"شانۆنامەیەکی ڕێک و پێک و نەختێک کۆنباوە"[١]. دیارە دوای بینین و خوێندنەوەی شانۆنامەکە، مرۆڤ دەتوانێت لەوە بگات تا چەند تەکنیکەکانی ئەم شانۆنامەیە لە تەکنیکی شانۆنامەکانی پێش خۆی دەچێت یان جیاوازە، کە خەڵک ئەو کاتە پێیان وابوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبیر دەکرێن: وەکوو شێوازی پەندئامێزی "نۆئێل کاوەرد" (١٨٩٩-١٩٧٣) و گوتارە لاقرتێئامێزەکانی ناو دیمەنە جیاجیاکانی شانۆنامەکانی "بێردناردشۆ" (١٨٥٦-١٩٥٠) بە هەرحاڵ، ئەم شانۆنامەیە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر یەکەم نەمایشیدا، هێز و ووزە تایبەتییەکانی خۆی لەدەست نەداوە.

---

[١] . بروانە لاپەڕە٦٦ لە:
John Osborne, ”That Awful Museum,” in John Russell Taylor, *John Osborne*, Look Back in Anger*: A Casebook* (London,1986)

دیارە بابەتی شانۆنامە ئینگلیزییەکان لە سەدەی بیستەمدا تا ساڵی ١٩٥٦ سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانەوە، ڕێکوپێک بوون و زمانێکی خۆش و نایابیان تێدا بەکار دەهات. بە گشتی، ئەو شانۆنامانە باسی خەم و نیگەرانییەکانی میللەتیان نەدەکرد. شانۆ بۆ سەرنجڕاکێشان و کات بەسەر بردن بوو. نووسەران زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوون، کە خەون و خەیاڵەکانی بینەرانی سەر بە چینی بۆرژوا نەشێوێنن. بە کورتی، پێوەندی شانۆ بە واقیعی ئەو ژیانەوە، ئەگەر نەپچڕا بێت زۆر لاواز بوو. مەبەستم ئەو واقیعەیە، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئینگلتەرە هاتە کایەوە. "ئۆزبۆرن" ئەم ئاڕاستەیەی لە شانۆدا گۆڕی. ڕەخنەگری شانۆیی ئینگلیزی "کێنێت تینان"(١٩٢٧–١٩٨٠) ئەو کاتە، ڕێک لە ١٩ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر"دا دەربارەی "ئۆزبۆرن" و شانۆنامەکە دەڵێت: "دووڕوویی و بێدەنگیی لە ئاستی ئەم واقیعە و کەمکردنەوە لە بەها جوانەکان لەلایەن چینی بۆرژواوە ڕیسوا دەکات و هەر زوو ڕەتیان دەکاتەوە"[٢]. هەڵبەت ڕەتکردنەوەکەی "ئۆزبۆرن" بە شێوازی شیکردنەوەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، تەنانەت گاڵتەئامێز و بە نەزاکەتیش نەبوو. ڕەتکردنەوەکان لەلایەن گەنجێکی ڕۆشنبیری بە دەموزاری تووڕەوە بوو، کە پێشانی دا ژیانی سەردەمەکەی ئەو چ ژیانێکە. ژیانێک نییە، ئەو یەکسانی و خەون و خەیاڵانەی تێدا بێتە دی، کە ڕووناکبیرە سۆشیالیستەکانی ئەو کاتە پێشبینیان دەکرد. بە پێچەوانەوە، ژیانێکی ووشک و ناخۆشە. "جیمی پۆرتەر"، کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە دەڵێت:

"وابزانم هیچ ئامانجێکی پیرۆز نەماوە نەوەی ئەمڕۆمان لە پێناویدا خۆی بەخت بکات . . . ئامانجی شەریف و مەردانە نەماون"

---

٢. بڕوانە:
Tynan, Kenneth. "The Voice of the Young," The Observer (13 May 1956)

(دیمەنی یەکەم پەردەی سێیەم)

"جیمی پۆرتەر" مرۆڤێکی بە گل و گازاندە و بێزارکەرە. مرۆڤێکی بێنەزاکەتە و لەگەڵ"ئالسین"ی ژنی، قسەڕەق و بەدڕەفتار و دەم پیس و جنێوفرۆشە. بە کورتی مرۆڤێکی تووڕەیە. "ئالیسن" لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی بۆرژوایە، ئەو چینەی بۆ "جیمی" جێگەی ڕق و کینەیە و زۆر سەرزەنشتی "ئالیسن"یش دەکات، چونکە ژنێکی سارد و کەمدوو و بێهەستە. "جیمی" دەرچووی زانکۆیە، بەڵام لەگەڵ "کلیف لویس"، کە لە بنەڕەتدا سەر بە چینی کرێکارە، بە هاوبەشییەوە دووکانێکی بچکۆلانە بەڕێوە دەبەن، کە شیرینەمەنی تێدا دەفرۆشن. "کلیف" لەگەڵ "جیمی" دەژیت و "ئالیسن" هاوڕێیەکی نزیکی هەردووکیانە. کاتێک "ئالیسن" بۆی دەردەکەوێت، کە دووگیانە، نهێنییەکە تەنیا لای "کلیف" دەدرکێنێت، چونکە دەترسێت لای "جیمی" باسی لێوە بکات نەوە ک کاردانەوەیەکی خراپ پێشان بدات. پزیشکەکەیشی ڕەتی دەکاتەوە، سکەکەی لەبار ببات. کاتێک "ئالیسن" دەیەوێت بە "جیمی" بڵێت، کە دووگیانە، ئەم جنێوی پێ دەدات، چونکە ڕەفتارێکی سارد پێشان دەدات بەرامبەر بە "خاتوو تانەر"، کە "جیمی" زۆر خۆشی دەوێت و وەکوو دایکی سەیری دەکات. کاتێک "ئالیسن" بە "جیمی" ڕادەگەیەنێت، کە "هێلینا"ی هاوڕێی دەیەوێت بێت و لەلایان بمێنێتەوە، "جیمی" تووڕە دەبێت، چونکە ڕقی لە "هێلینا"یە. لە کاتی تووڕەییەکەیدا"جیمی" قسەی خراپ بە "ئالیسن" دەڵێت، چونکە هەڵسوکەوتی ساردە و خۆزگە دەخوازێت منداڵێکی ببێت و منداڵەکەیش بمرێت بۆ ئەوەی هەست بە ئێش و ئازار بکات و ساردوسڕییەکەی لە هەڵسوکەوتدا نەمێنێت. کاتێک "هێلینا" شارەزای توندوتووڕەییەکەی "جیمی" دەبێت، داوا لە "ئالیسن" دەکات "جیمی" بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی. باوکی

"ئالیسن" واتە "کۆلۆنێل ڕێدفێرن" دێت و "ئالیسن" دەبات بۆ ماڵی خۆی. کە "هێلینا" بە "جیمی" دەڵێت، "ئالیسن" دووگیانە، "جیمی" جنێو بە "هێلینا" دەدات و بە ژنێکی بەدکار ناوی دەبات، ئەمیش شەپازللەیەک لە "جیمی" دەدات و پاشان یەکتر ماچ دەکەن و شەوباخەڵی دەکەن. "کلیف" زیاتر لەگەڵ "ئالیسن" هاوسۆزە، بۆیە "جیمی" بەجێ دێڵێت. دواتر، "ئالیسن" بە "هێلینا" دەڵێت، کە منداڵەکەی لەدەست داوە. لە کۆتاییدا "هێلینا" واز لە "جیمی" دێنێت و ئەمیش لەگەڵ "ئالیسن" وەکوو ژن و مێرد ئاشت دەبنەوە.

کاتێک مرۆڤ خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئاخاوتنەکانی ناو شانۆنامەکە دەکات و ئەو هەڵومەرجەیش لەبەر چاو دەگرێت، کە شانۆنامەکەی تێدا نووسراوە، مەبەستم هەڵومەرجی دوای جەنگی جیهانی دووەمە و هەڵبەت تارادەیەکیش لەپاڵ هەڵومەرجی ژیانی کەسێتی "ئۆزبۆرن" خۆی، ئەو کاتە لەگەڵ"کێنێت تینان" هاوڕا دەبێت، کە دەڵێت مەبەستی"ئۆزبۆرن" شیکردنەوە و نووسین نییە دەربارەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو بە دڵنیاییەوە دەیەوێت وا لە خەڵک بکات هەست بەو نەخۆشیانە بکەن. "جیمی پۆرتەر"، وە ک لە شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، چالاکوانێکی سیاسی نییە، بەڵکو مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی و ژیانی خۆی لە ڕۆژگارێکدا بەسەر دەبات، کە هەر بیروڕایەک، هەر کاردانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ هەر بیرۆکەیەکی تازە، بە هۆی داب و نەریتەوە، کپ دەکرێت. هێرشەکانی "جیمی" دژی بیرۆکە نادیار و ئەبستراکتەکان نین. ئەو دەزانێت دونیای ئەو سەردەمە بە هەموو ئەو بیروڕا بێکەڵک کۆنەپەرستانە و ئەو نەریتە کۆنباوانەی تێیدا زاڵن چ ئازارێک بە ئەم و بە هەموو ئەوانە دەگەیەنن، کە خۆشی دەوێن. بۆیە دەیەوێت بە ئاگایان بێنێتەوە. بیانگۆڕێت بۆ مرۆڤی هوشیار و چوست و چالاک.

هەستکردن بە پێوەندییە کەسێنییەکان لەم درامایەدا زۆر قووڵ دەکرێتەوە. "ئۆزبۆرن" لە ڕێگای ململانێیە کەسێنییەکانەوە دەچێتە قووڵایی پرسە کێشەئامێزە گەورەکانی کۆمەڵگا. دیارە هەر سەبارەت بەمەیە، کە شانۆنامەکە بۆ بینەرانی ئەمڕۆش نەک هەر کاریگەرە، بەڵکو زۆر زیندووە.

ململانێی سەرەکی "جیمی" لەگەڵ "ئالیسن"ە. پرۆسەی هاوسەرگیریی "جیمی" لەگەڵ "ئالیسن" یەککگرتنێکی هەڵە و نابەجێیە، نەک هەر لەبەر ئەوەی کچی کۆلۆنێلێک شوو بە کەسێکی سادەی ناو خەڵکی ڕەشۆکی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی "جیمی" تووشی یەکێک بووە هەست بە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی تر ناکات یان نایەوێت هەستیان پێ بکات بۆ ئەوەی خۆی لە ئێش و ئازارەکانی ژیان دوور بخاتەوە. یەکەم هێرشی "جیمی" بۆ سەر "ئالیسن" ئەو کاتە دێت، کە دەڵێت:

"ئەوە چەندین ساڵە [ئالیسن] عەقڵ و هۆشی نەماوە! ماوتە؟"

کەمێک دوای ئەمە دەڵێت:

"لەو ماوە درێژەی ئەم ئافرەتەم خواستووە ـ ئەو ئافرەتەی، کە نموونەی ناتەبایی و نەگونجانە ـ کەچی ئێستە کتوپڕ وشەیەکم دۆزییەوە: تەواو پێناسەی ژنەکەمە. تەنها یەک ئاوەڵناویش لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، کە بۆ وەسفی ژنەکەم بشێت، بگرە هەر ناوەکەی خۆیەتی! خانمی پیۆسەلانیمس"

(پەردەی یەکەم)

"پیوسەلانیمس" بە مانای ترسنۆک دێت. واتە "جیمی" بە خانمی ترسنۆک ناوی "ئالیسن" دەبات. دوورەپەرێزیی و گۆشەگیریی و ساردیی لە ڕەفتاری "ئالیسن"، مەسەلەی جووتبوون و دەستبازییش دەگرێتەوە. "جیمی دەڵێت:

"دەزانی من هەرگیز ئەو لەززەتە گەورەیەی بەیەکەوە نووستن و دەستلەملانێم نەچەشتووە لە کاتێکدا من خۆم وام نەویستووە. ئۆە . . . "

(پەردەی یەکەم)

"جیمی" دەیەوێت ژیان بە هەموو ئێش و ئازارەکانییەوە بیر "ئالیسن" بێنێتەوە. توورەیی و بێئومێدییەکەی دەگاتە ئەوپەڕ. بۆیە هیوا دەخوازێت، کە "ئالیسن" منداڵێکی ببێت و منداڵەکەیش بمرێت:

"گەر بکرایە و تۆ منداڵێکت ببوایە . . . ئەو مناڵەش بمردایە . . . خۆزیا ئەوسا سەیرم دەکردیت، کە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبوویتەوە. من دەپرسم ئاخۆ ئەوسایش دەگۆڕێیت . . . دەبیت بە مرۆڤێکی دیکە . . . جیا، بەڵام من گومانم هەیەو باوەڕ ناکەم"

(پەردەی یەکەم)

پاشان دەڵێت، حەز دەکات ببینێت "ئالیسن" بکەن بەناو قوڕوچڵپاودا:

"من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم و خۆزگەی بۆ دەخوازم. حەز دەکەم بتبینم چاوەکانت پڕن لە فرمێسک و . . . لەناو فرمێسکەکانتا مەلە بکەم . . . ئەوسا گۆرانی بڵێم. دەمەوێ لەوێ بم و بتبینم چۆن لەسەر سک دەخشیت و دەموچاوت لە خۆڵ وەردەدەیت. دەمەوێ ئەوسا بێم و سەیرت بکەم . . . دەمەوێ بتبینم دەموچاوت چۆن لە قوڕ وەرداوە ـ ئەوە هەموو هیواو ئاواتی منە. ئیتر هیچ خۆزگەیەکی دیکەم نییە"

(دیمەنی یەکەم بەشی دووەم)

بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنیتەوە، پێویستە ئازار بچێژیت. دیارە ئازار چەشتن ئەو بەڵگەیەیە، کە ڕەوایی دەبەخشێتە "بوون"ی مرۆڤ. دراما هەر لە کۆنەوە، هەر لە سەردەمی "سۆفۆکلیس"ەوە

ئەم بیرۆکەیەی لەخۆ گرتووە. "جیمی" سەبارەت بەوەی، کە "ئالیسن" بە هەموو سۆزێکەوە پابەندی شتەکان نابێت، تاسە و خۆشەویستی بۆ ژیان لەلا نامێنێت. دواتر سەرزەنشتی دایکی "ئالیسن" دەکات، چونکە ویستوویەتی ڕێگە بە هاوسەرگیرییەکەیان نەدا:

"ئەو هەموو بەزمە دەنێتەوە تەنها بۆ ئەوەی نەتوانم کچەکەی بخەمە سەر پشتیماینە پیر و بەستەزمانەکەم و بیفڕێنم . . . ئەم مەبەستانەیشی خستبووە ناو قاڵبێکی جوان و ڕازاوەی بیر و فەلسەفە و سۆزی پڕ درۆ و بێشەرمییەوە. بۆرە ماینی کەنەفتیش، کە جارێ لە جاران بەڕاستی ئەو سیستمە کۆنەی شێلاوە. . نەیتوانێ وەک جاری جاران بێت. بەتەنها توانی من هەڵبگرێت . . ، بەڵام قورسایی تۆ (ڕوو لە ئالیسن دەکات) زۆر لەوە گرانتر بوو، کە بتوانێت هەڵت بگرێت. بۆیە لەسەر چەقی ڕێگاکە بەربۆوە و مرد"

(دیمەنی یەکەم/ پەردەی دووەم)

"جیمی" شەڕ لە پێناوی خۆشەویستی، هەروەها لە پێناوی ئاسوودەیی دەروونی خۆی دەکات. بۆ ئەمەیش، پێویستی بەوەیە پەکی بێلایەنیی "ئالیسن" بخات. ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سەرنجی "ئالیسن" ڕادەکێشێت ئەو ژیانە پڕ جموجۆڵەی "جیمی"یە. لە دیمەنی دووەمی بەشی دووەمدا، بینینی خۆی لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو کاتێک باوکی لێی دەپرسێت، بۆ شووی بە "جیمی" کرد:

". . . بیست ساڵی ڕەبەق ژیانێکی خۆشم بەسەر برد . . ، کەچی کتوپڕ تووشی ئەم کابرایە بووم ـ ئەم کێوی و ڕۆح تەتەرییە . . . هەمووی شێواند . . . خۆی لێ ڕووت کردەوە و هاتە مەیدان. ڕەنگە تەنها ئافرەتێکی دیکە لەم کێشە و زۆرانبازییە تێ بگا . . . "

(دیمەنی دووەم/ پەردەی دووەم)

لەدەستدانی منداڵەکە، بۆ "ئالیسن" دەبێتە مایەی ئێش و ئازار و تا دواجار زیاتر ملکەچی "جیمی" دەبێت. لە کۆتایی شانۆنامەکەدا لە گەمەی ورچ و سمۆرەکە بەشداری دەکەن. دیارە پێشتر "ئالیسن" وای لێک دەدایەوە، کە ئەم گەمەیە تاکە ڕێگایەکە تێدا:

" [دەیانتوانی ببن] بە دوو گیانلەبەری تووکن و چکۆلانەی خاوەن مێشکێکی چکۆڵە و پووچ. ئەوسا خۆشەویستییەکی دوور لە کێشە و بێدەنگ[یان] دەگۆڕییەوە. [دەبوون] بە دوو گیانلەبەری بێباک و حەز[یان] لە یاری و بەزم دەکرد وەک بلێی لە باخچەیەکی خۆش و دلگیری ئاژەڵدا [بن]. ئەوەشیان سیمفۆنیایەکی بێمانایە بۆ ئەو کەسانەی چیتر ناتوانن وەک مرۆڤ بەرگەی ئەم ژیانە بگرن"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

ئەگەری بەردەوامبوون لە خۆکێشانەوە یا وازهێنان لەم دونیایە جێگەی گومانە. تووڕەییەکەی "جیمی" قووڵە. تووڕەییەک نییە تازە پەیدا بوو بێت و دەربارەی هەڵومەرجە هەنووکەییەکان بێت، ئینجا هی ژیانی خێزانداری بێت یان هەڵومەرجەکانی ناو کۆمەڵگا بێت. "جیمی" لە تەمەنی دە ساڵیدا بۆ ماوەی دوانزە مانگ بە دیار باوکییەوە بوو، کە لەسەرە مەرگدا بوو. باوکی بۆ ئەو کەسێکی نموونەیی بوو:

"من تەنیا کەسێک بووم، کە ئاگام لێی بوو . . . من لە منداڵییەوە فێر بووم چۆن تووڕە بم. لەوساوە بەتوڕەیی و بێچارەیی ئاشنا بووم. تا ماوم ئەم شتانەم بیرناچنەوە"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

سەرچاوەی تووڕەیی و ئازارەکانی "جیمی" هەمان سەرچاوەی ئازارەکانی "ئۆزبۆرن"ە، چونکە ئەویش ئاگاداری باوکی بوو، کە هەر

زوو بە نەخۆشی دەردەباریکە ـ سیل ـ مرد[٣]. ئەگەر سەرچاوەی ووزە و هێزی بزوێنەری ناوەڕۆکی شانۆنامەکە لە گواستنەوەی بایەخەدانەکە بێت لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ مەسەلە کەسێنییەکان، ئەوا لە باری نواندنیشەوە دەبێتە پانتاییەک بۆ دەرخستنی تواناکانی ئەکتەر. چۆن؟

**٢**

دیارە هێز و کاریگەرێتی ئەم شانۆنامەیە هەر لە سەرەتاوە بە ڕادەیەکی زۆر لە شێوازی بەکارهێنانی کارەکتەرە سەرەکییە سەرنجڕاکێشەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی شانۆنامەکە بەوە وەسف بکرێت، کە "توانایەکی باشی لە دارِشتنی بینینی کێشە سایکۆلۆژییەکاندا تێدا بەکار هاتووە" و "جەخت لەسەر مەسەلەیەکی کەسێنی تایبەتی دەکاتەوە" وەکوو "سیمۆن ترۆسلەر" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا باسی لێوە دەکات[٤]. دەشێ "جیمی پۆرتەر" وەکوو نموونەی کەسێکی بەکێشە، لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام شانۆنامەکە سەرنجی ئێمە ڕاناکێشێت، سەبارەت بەوەی لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕابردوو و ژیاننامەی "جیمی پۆرتەر"، بەڵکو ئەوەی سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت، خودی ئەم کارەکتەرەیە، وەکوو سەرچاوەیەکی دینامیکی بۆ ووزە و توانای دەربڕین. ڕۆڵەکە ڕۆڵێکی بوێرانە و لێهاتووانەیە. بۆیە لەجیاتی ئەوەی دەستەواژەی "شانۆنامەیەکی باشداڕێژراو" یان "ریالیزمی سایکۆلۆژی"یا هەر

---

[٣]. بڕوانە:
Browne, Terry W."A discussion *of Look Back in Anger*." *Drama for Students*. Detroit: Gale. *Literature Resources from Gale*, 2010.

[٤]. لاپەڕە ٥١ لە:
Simon Trussler, *The Plays of John Osborne* (London,1969)

دەستەواژەیەکی هاوشێوەی ئەمانە بخەینە پاڵ ئەم شانۆنامەیە، با ئاماژە بە نەریتەکانی دەربڕین بکەین لە شانۆدا و ڕۆڵێکی هاوتای ئەم ڕۆڵە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکەمان ڕوونتر بێتە پێش چاو. لەم ڕوانگەیەوە، شانۆنامەی "بە تووڕەیی. . . " هەریەک لە شانۆنامەکانی "هاملێت" ی "شەکسپیر" و "ئەلسیێست"ی "یۆربیدس"مان بیر دێنێتەوە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لە دوا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەراوردێک لەنێوان کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" و کارەکتەری "هاملێت"دا دەخەینە ڕوو. دیارە هەریەک لەم سێ شانۆنامەیەی سەرەوە باس لە دەروونێک دەکەن، کە هیچی لەبارەوە نازانرێت و پێویستە لەسەر شانۆ پێشان بدرێت. بۆیە، ئەم شانۆنامانە، لە باری نواندندا توانا شانۆییەکانی ئەکتەر دەردەخەن سەبارەت بە پێشاندانی دەروونی کارەکتەرەکان. لەم ڕوانگەیەوە، زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە سرووشتی شانۆیی ئەم بەرهەمە لە بنچینەدا پێوەندیی بە چوست و چالاکی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر"ەوە هەیە. لەم تێڕوانینەوە، "مایکڵ بیلینگتن" پێی وایە، کە شانۆنانەی "بە تووڕەیی" لە هەموو ڕوویەکەوە شانۆی ئەکتەرە"[٥]. ئەگەرچی "جیمی" بە پیشە ئەکتەر نییە، بەڵام لە هەموو بارێکەوە نەمایشکەرە بە لەبەرچاوگرتنی قسەکەی "بیلینگتن" و زۆر لە ڕەخنەگرانی تر، کە پێیان وایە شانۆنامەی "بە تووڕەیی . . . " هێز و توانای هەستی ئەکتەرێک لەخۆ دەگرێت و شانۆیش بۆ ئەم ئەکتەرە دەبێت بە پانتاییەک بۆ بوون بەر لەوەی ناوەندێکی دەربڕین بێت بۆ نووسەر. دیوێکی ئەم شانۆنامەیە، کە هەڵبەت هەر لە زووەوە سەرنجی بینەرانی ڕاکێشاوە، ئەو توانا درامییە لە ڕادەبەدەرەی "ئۆزبۆرن"ە، کە لە کەمترین باری ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکەدا

[٥]. لاپەڕە ١٦٧ لە:

Michael Billington, *The Modern Actor* (London, 1973)

جێبەجێی دەکات. پەردەی یەکەم بابەتێکی کەمخایەن لەخۆ دەگرێت: پیاوێکی گەنج بەناوی "جیمی پۆرتەر" لەگەڵ هاوڕێکەی، کە ناوی "کلیف"ە هەروەها "ئالیسن"، کە ژنی "جیمی"یە لە ژوورێک دان. ژنەکە خەریکی ئووتووکردنە. پیاوەکان ڕۆژنامە دەخوێننەوە و لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن. پاشان لە ئەنجامی پێکهەڵپڕژاندا، "جیمی" پاڵێک دەنێت بە "کلیف"ی هاوڕێیەوە بۆ لای "ئەدیسۆن". ئەمیش، کە خەریکی ئووتووکردنە، دەستی دەسووتێت. "جیمی" تەختەی شانۆ جێ دێڵێت. ئەوسا دەردەکەوێت، کە "ئالیسن" دووگیانە. "جیمی" دەگەڕێتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ و لەگەڵ "ئالیسن" ئاشت دەبێتەوە، بەڵام گەیشتنی چاوەڕوانکراوی "هێلینا" وا لە "جیمی" دەکات جارێکی تر بە تووڕەییەوە تەختەی شانۆ جێ بێڵێت.

ئەمە پوختەی ئەوەیە، کە بە ئاشکرا لە پەردەی یەکەمدا ڕوودەدات لە ڕوانگەی ئەو پلانەی، کە "ئۆزبۆرن" بۆ چیرۆکی شانۆنامەکە دایڕشتووە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێتە هۆ بۆ ئەوەی دیمەنەکە بە دیمەنێکی بەهێز دابنێین و ئێمەیش بە ململانێی نێوان هێزەکان و کاریگەرێتیان بەسەر یەکەوە خەریک بکات. هەڵبەت "جیمی" بزوێنەری ڕووداوەکانە و سەرچاوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەو، لە تێکەڵکردنی سایکۆلۆژیای کارەکتەرە لەگەڵ چالاکییەکانی نواندن. ئامانج و نیگەرانییەکانی "جیمی" تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئامانج و نیگەرانییەکانی ئەو ئەکتەرە هاوتەرییە، کە ڕۆڵی ئەو دەبینێت. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە لە شانۆنامەکەدا، چونکە هەریەک لە "جیمی" وەکوو کارەکتەر و ئەکتەرەکەیش وەکوو "جیمی" هەوڵ دەدەن کاردانەوەی گوێگر یا بینەران بووروژێنن لە ڕێگای نواندن یا خۆنواندنێکی ڕێکوپێک و بە جۆش. هەڵبەت ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت بە

ئومێدی ئەوەیە، کە ئێمەی بینەر بە خۆیەوە خەریک بکات و بە بێدەنگییەوە سەرنجی بدەین. جار جار پێ بکەنین و لەوانەیە چەپڵەیشی بۆ لێدەین. ئەمە لە کاتێکا، خۆیشی وەکوو کارەکتەری "جیمی" بە ئومێدی کاردانەوەیەکی ئاڵۆزە لە "کلیف" و "ئالیسن". کاردانەوەی ئەوان لەسەرێکەوە پێوەندی بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی بینەرانەوە هەیە و لە سەرێکی ترەوە پێوەندی بە کاردانەوەی زارەکی و جەستەیی ئەکتەرەکانی ترەوە هەیە، کە ڕۆڵی "کلیف" و "ئالیسن" دەبینن لەبەرامبەر ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت. "جیمی"، کە لە نەریتە سواوەکانی یەکشەممەیەکی تر پەست و بێزارە و لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکاندا هەستی پووچگەرایی پەکی دەخات، بۆ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بە دەست بێنێت، ڕوو لە "کلیف" و "ئالیسن" دەکات:

ئێوە هەردووکتان من بەرەو هەڵدێرێک دەبەن. وەک چۆن دڵنیام، کە لێرە دانیشتووم، ئاوا دەزانم ئێوە بە هەردووکتان من شێت دەکەن. ئەی خودایە، چەندە تامەزرۆی گوڕ و غیرەتێکی ئادەمیزادەنەم. تەنها غیرەت. غیرەت و بەس. چەندە حەز دەکەم گوێم لە دەنگێکی بە جۆش و خرۆش بێت، هاوار بکات: سوپاس بۆ خوا.

(بە جووڵەیەکی نواندنئامێزەوە سینەی خۆی دەکوتێ)

من زیندووم، دەژیم. خاوەن بیرو باوەڕم. بۆ خۆمان بە گەمەیەکەوە خەریک نەکەین؟ با وای دابنێین، کە مرۆڤین، بەڕاستی زیندووین. هەر بۆ ماوەیەکی کەم. ئێوە دەڵێن چی؟ دەبا ئەو گەمەیە بکەین. با خۆمان بە بنیادەم بزانین.

(بەنۆرە سەیری هەردووکیان دەکا)

ئای براکەم . . . زۆر لەمێژە تووشم بەتووشی مرۆڤێک نەبووە گورِ و غیرەتێکی ئەوتۆی هەبێت"

(پەردەی یەکەم)

"جیمی" لە "کلیف" توورِە دەبێت و بە سووکی سەیری دەکات و بێباکانە رِیسوای دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی بێئاگا و ملکەچ و ناچالاک و گەوجە. ئەم سستی و ناچالاکیی و هەروەها بێمەیلی لە هەنگاونان لە رِووی پراکتیکییەوە، "کلیف" و "ئالیسن" لەیەکتر نزیک دەکاتەوە و لە "جیمی" دایاندەبرِێنێت. هەر سەبارەت بەم هۆکارانەیە، کە ئەوان، بە پێی بۆچوونی "جیمی" مایەی بێزاریی و توورِەکردنن وەک لە قسەکەی "جیمی" دەردەکەوێت. دیارە "جیمی" لە دەرەوەی ئەو توانایەی، کە هەیەتی بۆ کار و کاردانەوە، کە بە دونیای دەرەوە دەیبەستێتەوە، هیچ سەرچاوەیەکی تری نییە بۆ خۆسەلماندن یا خۆ چەسپاندن و هیچ "هۆ"یەکی راستەقینەی نییە تا پێشانی بدات، کە "مرۆڤە" و بەراستی "لە ژیان دایە". بۆیە لە زنجیرەیەک خۆدەرخستنی هەڵچوونئامێز و زارەکیدا هەڵدەکوتێتە سەریان. لەگەڵ ئەوەیشدا، "کلیف" و "ئالیسن" ئەو کاردانەوەیەیان نییە، کە "جیمی" چاوەرِوانییەتی و لە "گەمە کەمخایەنەکە"ی "کلیف"بەشداری ناکەن. "کلیف" پێشتر لە دیمەنەکە بۆ ماوەیەکی کەم بە نادڵییەوە بەشداری دەکات، بەڵام پاشان خۆی لە "جیمی" دەکشێنێتەوە چ وەکوو گوێگر و چ وەکوو قسەکەر. "ئالیسن" هەر لە سەرەتاوە نایەوێت نە لە دیالۆگێکی راستەوخۆ لەگەڵ "جیمی" بئاڵێت و نە گوێشی لێ بگرێت وەکوو "جیمی" خوازیارە. ئەگەرخۆی لە گەمەکەی "جیمی" بئالێنێت، ئەوا بە بەردەوامی دەبێت بە کێشە و ناکۆکی. "ئالیسن" بە هێمنی و دوور لە هیچ دەمەقاڵییەک داواکەی "جیمی" بۆ

سەماکردن ڕەت دەکاتەوە، کاتێ "جیمی" دەڵێت "سەماکردن تاکە شتێکە، کە من تیادا زۆر باشم". بۆیە دیمەنەکە لەژێر دۆخێکی مەترسیدار بەرەو پێشەوە دەچێت. "جیمی" هەوڵ دەدات لە ڕێگای زنجیرەیەک گاڵتە و قسەی سووک و پەلاماردان و ووتارەوە ناکۆکییەکان زیاد بکات، بەڵام "ئالیسن" و "کلیف" وەڵامی نادەنەوە. "ئۆزبۆرن" بێئومێدییەکەی "جیمی" لە تێکستی ڕێنماییەکاندا ـ ئەوانەی کە حیوار نین ـ بەرە بەرە زیاد دەکات:

"[جیمی] سەیری هەردووکیان دەکات و چاوەڕێی تەقینەوەیەکە، بەڵام کلیف هەر خەریکی خوێندنەوەی خۆیەتی، ''ئالیسن''یش هەر بەسەر ئوتووەکەدا نوشتاوەتەوە" دواتر دەڵێت " [جیمی] بەخێراییەوە سەیریان دەکات و چاوەڕوانی وەڵامێکە، بەڵام کەسیان نقە ناکەن" پاشان دەڵێت "[جیمی] لە وەڵامدانەوە بێئومێد دەبێت، بەڵام دەبێ هەر تووڕەیان بکات" لە شوێنێکی تریش دەڵێت "[ئالیسن] هەمیشە لەم چەشنە هێرشە ورد و ڕێکوپێکانە ڕاهاتبوو، بەڵام لەوە ناچێ [جیمی] ئەمشەو سەربکەوێ"

(پەردەی یەکەم)

تەنیا وەڵامێک، کە "جیمی" دەتوانێت بیوورووژێنێت لە ڕێگای توندووتیژیی جەستەییەوە دێت لە ڕووداوی مێزی ئووتووەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو تووڕەییە کەمخایەنەی، کە لەم ڕووداوە دەبێتەوە، گیروگرفتەکان بۆ ماوەیەکی کەم لادەبات و هێندەی نابات بارگرژییەکە جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە. دۆخەکە بە قازانجی هیچ کام لەم سێ کەسەدا ناشکێتەوە. ئالیسن" و "کلیف" لەبەردەم دوو ئەڵتەرناتیڤ دان:  یا ئەوەتا دەبێ بەرپەرچی "جیمی" بدەنەوە و

ئاگری تووڕەییەکەی خۆشتر بکەن، یان پشتگوێی بخەن و ئازاری ئەو تووڕەییەی بچێژن، کە لەم پشتگوێ خستنەوە دەبێتەوە. دیارە ئەوان ئەڵتەرناتیڤی دووەم هەڵدەبژێرن. بۆیە، "جیمی" هەست دەکات خۆنواندنەکەی بێسوودە. لە ئەنجامی ئەمەدا، هێرشەکەی چڕتر دەکات، بەڵام هەر بێسوودە.

ئەو میکانیزمە شانۆییەی، کە لێرەداو لە تەواوی شانۆنامەکەدا جێبەجێ دەبێت ئەوەیە، کە هەتا خۆنواندنەکەی "جیمی" بەرە بەرە نوشووست بێنێت، ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت، زیاتر لە ڕۆڵەکەی سەرکەوتووتر دەبێت. ئیتر، ئێمەیش بەرە بەرە دەبین بە گوێگری ڕاستەقینە بۆ ووتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" و کاردانەوەمان بۆیان دەبێت، لە کاتێکدا نە "کلیف" و نە "ئالیسن" پێشتر کاردانەوەیان بۆ ووتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" نابێت. شتێکی ئاساییە، کە ئەم خۆنواندنە لەڕادەبەدەرەی "جیمی" تەنها لەسەر تەختەی شانۆ ڕەوایی بەدەست دێنێت. لە هەر شوێنێکی تر بێت، ئەم بە لێشاو قسەکردن و هەستی تووڕەییە هاوکات لەگەڵ هەوڵدانی بەردەوام بۆ  ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر و وورووژاندنی وەڵام لە لایەن ئەمانەوە یا ئەوەتا کپ دەکرێنەوە یاخود پشتگوێ دەخرێن. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی ئێمە دەیبینین، بەدەر لە هەر چالاکییەکی تر، جلەوشلکردنە بۆ زمان، بۆ خەیاڵ هەروەها بۆ هەڵچوونی هەستەکان. ئێمە ئەم جڵەوشلکردنە بە شێوازی ڕاستەقینەی ئەکتەر دادەنێین. بە پێی بۆچوونی "سارتەر"، ئەکتەر لە پێناوی  کارەکتەری چیرۆکە هەڵبەستراوەکە خۆی دەکات بە بوونەوەرێکی خەیاڵی[٦]. "جیمی پۆرتەر" گوزارشت لە

---

[٦] . بڕوانە لاپەڕە١٥٨- ١٧٠ لە:
Jean_Paul Sartre, Sartre on Theatre,ed. Michel Contat and Michel Rybalka, translated by, Frank Jellinek (New York, 1976)

هەڵگەڕانەوەیەکی بە فرۆفێڵ دەکات لەم پرەنسیپە کاتێ خۆی بە هەندێک هەڵسوکەوتەوە خەریک دەکات، کە تا سەرئێسقان خۆنواندنن. ئەو لە دونیای ناو شانۆنامەکەدا ـ واتە لەبەرامبەر کەسانی دیکەی ناو شانۆنامەکەدا ـ دەچێتە کایەی بوونەوەرێکی خەیاڵی یا هەڵبەستراو و لە هەمان کاتدا وەکوو کەسێکی داینامیکی دەردەکەوێت و لە باری شانۆییەوە دەبێت بە بەرهەمێکی هونەری دروستکراوی جوان و نایاب.

بەم شێوەیە شانۆنامەکە بەرە بەرە لە چوارچێوە ڕیالیزمییەکەی دەردەچێت و دەچێتە کایەی نواندنەوە. هەڵچوون و ئاخاوتنە ڕەق و هێرشئامێزەکانی "جیمی"، هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو دەکات بە ڕووداوێکی درامی. لە هەمان کاتدا، لە سەرێکەوە دەرگا لەسەر دونیای بەرفراوانی دەرەوە دەکاتەوە و لەسەرێکی تریشەوە بەر بۆ خودێکی تووڕە و هەڵچوو والا دەکات، کە لە بەرامبەر دونیای دەرەوە کاردانەوەی هەیە. هەر ئاخاوتنێکی "جیمی" بابەتێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت و لە دیوی ناوەوەیشدا بونیادێکی ڕێکوپێک و داڕشتن و خاڵی وەرچەرخانی خۆی هەیە. ئاخاوتنەکان زۆر کاریگەرن و دەبن بە کۆڵەگە بۆ خۆنواندنەکانی "جیمی" سەبارەت بەوەی زمان و وێنەی هزریی بەهێز و توانایەکی باشی بیرکردنەوەیان تێدا بەرجەستە دەبێت. هەر ئاخاوتنێکی ڕەقی "جیمی" کارێکی خۆنواندنە بۆ هێرشبردن و شەڕفرۆشی بە ئاڕاستەی ئەو مەبەستەی، کە لە تووڕەییەکەیدا هەیەتی. هەموو ئەو بابەتانەی، کە لە ئاخاوتنەکانی "جیمی"دا بەرجەستەن ڕەنگدانەی ئەو شتانەن، کە ئەو لە دونیای خۆیدا بە پەسندیان نازانێت، وەکوو "چەرخ و زەمانی ئەمریکییانە" و " کاک نایجیل" و "پیوسیەلانیمس"، واتە ترسنۆک" و "هات و هاوار و ئاژاوەی ژن" و . . . تاد.

لەم بارەوە، ووتارە توندوتیژ و هێرشئامێزەکانی "جیمی" بەڵگەی ئەوەیشن، کە "جیمی" لە دەرەوەی خۆنواندندا توانای هیچ کردەوەیەکی کاریگەری نییە، چونکە ئەگەر لەناو دونیایەکی ڕاستەقینەی‌شدا دایبنێین، پێشبینی ئەوە دەکەین، کە خۆی لەو دونیایەیشدا دابڕێنێت، لەبەر ئەوەی هیچ "هۆ"یەک بە پەسند نازانێت تا هەڵوێست و بیروڕای خۆی بەرامبەر بە دونیای دەرەوە پێشان بدات و هیچ بنەمایەکی گونجاو بۆ ئامانج و بیروباوەڕ نابینێت، کە وای لێ بکات پابەندی ڕەفتار و کردەوەکانی بێت. پیاوێکی ئینگلیزی، کە "ئەمریکی نەبێت کەچی لە چەرخ و زەمانێکی ئەمریکیانەدا بژیێ" هیچ ئاڕاستەیەکی مێژوویی نابینێت تا لێی ورد بێتەوە، جگە لە ڕابردوو، هەروەها لە سەردەمی ئیمپراتۆڕییەتی لەناوچوو، کە بە چاوی سووکەوە سەیری مێژووەکەی دەکات لە کاتێکدا ئێرەیی بە هەڵوێست و بیروباوەڕی ئەدواردی حەوتەم، وەکوو شێوازێکی تازەباو، دێتەوە و خۆیشی هیچ هەڵوێست و بیروڕایەکی تایبەت بە خۆی نییە. ناسنامەی چینایەتی شێوێندراوە و گومانی تێ کەوتووە. زۆر خۆزگە بۆ ڕەچەڵەکی باوکی و دایکی "هیو" دەخوازێت، کە لە چینی کرێکار بوون، بەڵام دیارە لەم ڕەچەڵەکەی باوکی دادەبڕێت سەبارەت بەوەی، کە دایکی لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی بۆرژوا بووە و خۆیشی لە زانکۆ خوێندوویەتی و هەروەها سەبارەت بە هاوسەرگیریی لەگەڵ "ئالیسن"، کە خەڵکی قەراغ شارە. تەنانەت ئاینیش کاردانەوەیەکی ناکۆکی لەلا دەووروووژێنێت. لە کاتێکدا مرۆڤێکی بێ باوەڕە، حەز لە ئاینی مەسیحی دەکات و لێیشی بێزارە. گاڵتەکردنە وردەکانی بەڵگەی شلۆقی و بڕوابەخۆ نەبوونن:

"پێت وایە ئەو خۆهەڵکێشە ڕۆحانییە من دەکات بە پیاو؟ ئایا لەو قورسایی بەرزکردنەوە ڕۆحییە بەشدار بم بۆ ئەوەی ماسولکەم توند و تۆڵتر بێت؟ من کاتی خۆی کابرایەکی لیبرالی سیس و باریک بووم. لەوە دەترسام هەر بەتەنها ڕۆحێکی ڕووت بمێنمەوە و بەس، بەڵام ئێستا هەموو کەسێک بە ئێرەییەوە سەیری لەش و لاری ڕێک و جوانی من دەکەن"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

سێکس دیوێکی تری ڕارایی پێشان دەدات لە دەروون و خودی "جیمی". لە کاتێکا ژنەکەی خۆی خۆش دەوێت، ڕقیشی لە مێیینەییەکەی و لە هەموو شتێکی مێیینە دەبێتەوە. هەندێکجار ئێرەیی بە ئەگەری شۆڕشگێڕیی" منداڵانی کۆرسی یۆنانی و پیرە ‘ئەندریە ژید’ [دەبات]" و هەست بەوە دەکات، کە هاوڕێکەی "ئالیسن"، واتە "وێبستەر" ئارەزووی جووتبوونی هەیە لەگەڵ هاوتوخمی خۆی. لە ڕاستیدا ئەو ئارەزووە شاراوانەی، کە بەم ئاڕاستەیەن، دواتر، لە پێوەندیی سێقۆڵی نێوان ئەم و "ئالیسن" و "کلیف"، پێش ئەویش "هیو"، ڕوون و ئاشکران. لەگەڵ ئەوەیشدا، کاتێک ناڕەزایی خۆی لەبەرامبەر جووتبوون لەگەڵ توخمی جیا دەردەبڕێت، بە هەمان سووربوونەوەیش دژی جووتبوونی هاوتوخمەکانە، وەکوو ئارەزوویەکی کەسێتی. لێرەدا ئێمە لە بۆچوونەکەی "سیمۆن تروسلەر"، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا، نزیک دەبینەوە، سەبارەت بەوەی، کە شانۆنامەکە بینینی کێشە سایکۆلۆژییەکانی تێدا بەکار هاتووە و جەخت لەسەر مەسەلەیەکی کەسێتی تایبەتی دەکاتەوە. دیارە ئەم ڕاڕایی و خۆیەکلانەکردنەوەیە بە هەموو فۆرمەکانیانەوە، هەروەها پابەندنەبوون بە ڕەوشت و

ڕەفتارەکان، ئەگەر نیشانە بن بۆ هەر کێشەیەک هێندە گرنگ نین تا شی بکرێنەوە، بەڵام کە دەبن بە خەسڵەتی کارەکتەر و وای لێ دەکەن لە خۆنواندن زیاتر لە هیچ مەودایەکی تر نەتوانێت هیچ کارێک ئەنجام بدات، ئەوکاتە پێویستە مرۆڤ لەسەریان بوەستێت. لە ڕاستیدا، زۆربەی بلیمەتی و لێهاتوویی "جیمی"، لە خۆنواندندا لەوە دایە، کە توانای هەیە یاری بە کێشەکان بکات بۆ بەدیهێنانی لێهاتووی خۆی، وایان لێ دەکات ڕەنگدانەوەی یەکتر بن، تێکەڵی یەکتر بن و لە ڕووی مەجازییەوە یەکێک گوزارشت لە ئەوەی تر بکات. ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی حەزکردن لە هاوتوخمی خۆی، لەم بارەیەوە بەڵگەی زیرەکییەتی:

"بەڵام ئەوەندەی، کە مەسەلەکە پێوەندی بە ''دەستەی مایکل ئەنجیلۆ''وە هەبێ؛ ئەوە دەبێ من مونحەریفێکی ڕاستڕەو بم. ئەگەر شۆڕشیش هەڵگیرسا، من یەکەم کەس دەبم، کە بەدیوارێکەوە هەڵمدەواسن و لەگەڵ هەموو لیبراله هەژارەکاندا دام دەکوتن"
(پەردەی یەکەم)

"جیمی" بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە دوودڵی و ڕاڕاییەکانی سەبارەت بە مەسەلە سێکسییەکانەوە دەخاتە کایەی ئاماژەیەکی مەجازی، کە لە بیروڕاو هەڵوێستی سیاسیانەی چەپڕەوییدا هەڵیدێنجێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بیروڕاو هەڵوێستی سیاسی ڕاستڕەوانە بۆ ئەو هەمان مایەی ناخۆشی و گێرە و کێشەیە. ئەو، لە باری سیاسییەوە، لە ڕاستڕەوییدا لای داوە. خۆی بە هیچ لایەک نابەستێتەوە، سەربەستە. سەرەڕای ئەمەش، وەک ئەوەی خۆی بە تاوانبار بزانێت، بە پەرۆشەوە بیری خەبات و تێکۆشانی باوکی دەکات لە بواری سیاسییەوە. ئەو باوکەی، کە لە ئیسپانیا بە سەختی

برِیندار بوو. بەم شێوەیە، گومڕاییەکە پێچەوانە دەبێتەوە و مەسەلە سێکسییەکە لەلای "جیمی" یاخود جۆش و خرۆشە ئاڵووشئامێزەکەی وەکوو ئاماژەیەک بۆ بیروڕاو هەڵوێستی سیاسی ئەو بەکار دێت.

ئەم تێکەڵاوبوونەی پشێوییە کەسێنییەکان بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی کارێکی لێهاتووانە و بلیمەتانە کاتێ "جیمی" لە وشەی "pusillanimous"، کە بە مانای (ترسنۆک) دێت، شتی تر دروست دەکات بۆ ئەوەی بە وردی سووکایەتی بە "ئالیسن" بکات:

‘‘پیوسیلانیمەس!

بەبیستنی ئەم وشەیە پیرەژنێکی قەڵەو و لەندەهۆری ڕۆمانیت دێتە بەرچاو، وا نییە؟ لێرەدا خانمی ترسنۆک و مێردە شەهوەتبازەکەی دەبینرێن، بە ڕێگاوەوەن بۆ گەمە و ڕابواردن.

(کلیف دەشڵەژی و زۆر بەناڕەحەتییەوە سەیری ئالیسن دەکا)

ئەی بەستەزمان پیرەمێردی شەهوەتباز! ئەگەر لە فیلمێکی هۆلیودا دەربکەوێت، زۆر سەرنجڕاکێش نابێت، ئەوسا دەورەکەش دەدرێتە ئەکتەرێکی بەریتانی هەژار و بەستەزمان. ئەو هیچی لێ نازانێت، بەڵام ئەو مەسیحییە خۆهەڵکێشانە، بەرلەوەی فیلمەکە کۆتایی پێ بێت هاتوهاوار و دەنگی ستریۆ بە هەڵ دەزانن و ژنەکەی دەڕفێنن.

(ئالیسن خۆی بەسەر مێزەکەدا دەچەمێنێتەوە و چاوەکانی دەنوقێنێت)

خانمی ترسنۆک بەڵێنی جیهانێکی ڕۆشن و خۆشتری پێداوە لەوەی، کە پیرەمێردە شەهوەتبازەکەی مێردی بتوانێت بۆی ڕۆ

بنێت. هێی پووزی[٧]! ئاخو ئێمە چ سزایەک دەدرێین لە مەیدانی زۆرانبازیی، تۆ بڵێی لەوێ جووتە شێرێک هەڵمانلووشن؟

(پەردەی یەکەم)

خۆنواندنە داهێنەرانەکەی "جیمی" چەندە بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشییە، ئەوەندەیش بۆ "ئالیسن" و "کلیف" مایەی ئێش و ئازار و ناڕەحەتییە. بۆیە بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵ دەدەن پشتگوێی بخەن.

کاتێ "جیمی"، وەکوو مرۆڤێکی ئینگلیزی لە چەرخ و سەردەمێکی ئەمەریکایی هەست بە بێبایەخیی شتەکان دەکات، ئەم هەستەی لەگەڵ دڵەڕاوکێکەی سەبارەت بە مەسەلە سێکسییەکان و نیگەرانیی لەمەڕ کەموکووڕی خۆیەوە تێکەڵی یەکتر دەبن و هەموو ئەمانەیش، دواجار، کە لە کەسایەتی "ئەکتەرێکی بەریتانی هەژار و بەستەزمان" بەرجەستە دەبن و لە دیمەنێکی ئەمریکی بێبایەخدا دەردەکەون. هەموو لاوازیی و دەستەپاچەیی لەباری سێکسی و نەتەوەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ بوارە ئایینییەکەی، کە خولیایەتی. ئەو ئەمریکیانەی، کە ژنی پیرەمێردە شەهوەتبازەکە دەفڕێنن "مەسیحییە خۆهەڵکێشەکانن" بۆ "جیمی" "لیبرال و سیس و باریک" دەبن بە سەرچاوەی ترس .

گوڕوتینی سامناکی ووتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" لە کۆمەڵێک مەترسی و نیگەرانییەوە سەرچاوە دەگرێت. پەلاماردان و زیادەڕۆیی لە ووتارەکانیدا بە ڕوونی واقیعە جۆراوجۆرەکانی دونیای جیمی دەگرێتەوە تەنها بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی ئەم دونیایە ڕەت بکاتەوە. بۆیە گوڕوتینی ئەم ووتارانە، وەکوو ڕەفتاری خۆنواندن، ووزەی داهێنەرانەیان، هەروەها کاریگەرێتییە

---

[٧] . pusey پووزی" نازناوی پیاوێکی ئایینی ئینگلیزییە.

شانۆییەکانیان بەسەر ئێمەی بینەر بەدەر نییە لە ڕەتکردنەوەی هەر "خود"ێکی هاوتا لەلایەن "جیمی"یەوە.

ڕاستی، دەکرێت پوختەی بابەتی شانۆنامەکە وا بخوێنینەوە، کە بریتییە لە زنجیرەیەک جیاوازی لەنێوان توانای نواندن لەسەر تەختەی شانۆ و لاوازیی و بێتوانایی کەسێنییەوە، کە لە سیاقی دوو پێوەندیی سێکسییەوە بەرجەستە دەبن و دەدۆزرێنەوە. "ئالیسن" نایەوێت بچێتە ژێر باری "گەمە"کەی "جیمی"یەوە کاتێ دەڵێت:

"با وای دابنێین، کە مرۆڤین، بەڕاستی زیندووین. هەر بۆ ماوەیەکی کەم . . . ئەو گەمەیە بک[ن] (پەردەی یەکەم)

چونکە یاساکانی ئەو گەمەیە وا دەخوازێت "ئالیسن" ڕۆڵی یەکێک ببینێت لە دونیایەک، کە "جیمی" واقیعەکەی ڕەت دەکاتەوە و لێی تووڕەیە، بەڵام لەگەڵیدا لە کەشێکی نواندندا دەچێتە ژێر باری گەمەیەکی درامیانەی "ورچ و سمۆرەکان"، چونکە تاکە ڕێگەیەکە بۆ ڕاکردن لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤبوون. سوودی ئەم گەمەیە لەوەدایە، کە "جیمی"ی سەبارەت بەو دونیا خەیاڵییەی ڕۆی دەنێت، لە تووڕەییەکەی ڕزگاری دەبێت کاتێ "لەناو باخچەیەکی خۆش و دڵگیری ئاژەڵدا" لەگەڵ "ئالیسن" یەک دەگرن نەک وەکوو دوو مرۆڤ، بەڵکو وەک "دوو گیانلەبەری تووکن و چکۆلانەی خاوەن مێشکێکی تووکن و پووچ ". بەهەرحاڵ، گەمەی "ورچ و سمۆرە" لەوە دەچێت، نەیەتە دی سەبارەت بە دووگیانیبوونی "ئالیسن". لەدایکبوونی منداڵێک، دواجار، ئەڵقەیەکی تۆکمەیە، کە بە واقیعەکەی دەبەستێتەوە و وای لێ دەکات خەیاڵی توخمێکی بەدەر لە توخمی مرۆڤ لە دونیایەکی بەدەر لە دونیای ڕاستەقینە نەکات. ئەمە دەبێت بە بنەمای لۆژیکێکی پێویست بۆ بڕیاری "ئالیسن" سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە "جیمی" و هەروەها بۆ لەبارچوونی منداڵەکەو

گەڕانەوە بۆ "جیمی". لەدەستدانی منداڵەکە، ئارەزووی "جیمی" جێبەجێ دەکات وەک لە قسەکەی لە کۆتایی بەشی یەکەمدا دەردەکەوێت:

**جیمی**

ئۆە، ژنە ئازیزەکەم . . . تۆ هێشتا زۆرت ماوە فێری شت بیت. ئاواتەخوازم ڕۆژێ بێت، تێبگەیت و فێر بیت. خۆزگە شتێک ـ شتێکت بەسەر دەهات و . . . لەو خەوە خۆشە وەئاگا دەهاتیت!

(لێی نزیکدەبێتەوە)

گەر بکرایە و تۆ منالێکت ببوایە . . . ئەو منالەیش بمردایە. بەخێوی بکەیت تا گەورە دەبێت. . تا دەموچاوێکی ئادەمیانە لەو پارچە لاستیکە و لەو چرچ و لۆچە دەخولقێت . . . دەموچاوێک . . . لەوانی تر نەچێت. (ئالیسن پاشەوپاش لە جیمی دەکشێتەوە. ) خۆزیا ئەوسا سەیرم دەکردیت، کە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبوویتەوە. من دەپرسم ئاخۆ ئەوسایش دەگۆڕێیت . . . دەبیت بە مرۆڤێکی دیکە . . . جیا، بەڵام من گومانم هەیە و باوەڕ ناکەم.

(ئالیسن، گێژ و سەرسام، لە جیمی دووردەکەوێتەوە . . . لەخوارەوە و بەدەستەچەپدا خۆی بەسەر زۆپای گازەکەدا لار دەکاتەوە. جیمی بەحاڵ خۆی بۆ دەگیرێت . . . بێدەسەڵات و نیگەرانە)

دەزانیت، من هەرگیز ئەو لەززەتە گەورەیەی بەیەکەوە نووستن و دەستلەملانێم نەچەشتووە ئەگەر خۆم ئارەزووم لێ نەبووبێت. ئۆە، مەسەلە ئەوە نییە، کە ئەم ئافرەتە بێ زەوق و هەوەس بێت. بگرە زەوق و هەوەسی ڕەشەمارێکی گەورەی هەیە. هەموو جارێک بە یەک قەپ قووتم دەدات . . . هەروەک بڵێیت من کەروێشکێکی

زۆر قەڵەو و خرپن بم. من ئەوەم. دوومەڵێکم لەسەر ناوکی ئەو ـ گەر حەز دەکەیت بزانی ئەو گرێیە چییە ـ منم. منم بەزیندوویی لەوێ نێژراوم . . . خەریکە شێت دەبم . . . من ئەو کوڕپەیەم، کە بەو پەتە نەرمەی ناوکەوە خنکاوم. ئەم ئافرەتە نە دەنگی لێوە دێت . . . نە دەجووڵێت ـ تۆزە هەڵبەز و دابەزێکیشی نییە. دەشێت بڕوا بکەیت ئەم هەراو هوریا بێسەروبەرە دەتوانێت ئەم ورگ زل و تێروپڕانە بێنێتە جوڵەجوڵ و هەژان ـ بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەم ژنەی من بهەژێنێت . . . مەحاڵە.

(بەرەو لای دەرگاکەی سەرەوە مل دەنێت)

ئەم ژنەی من لەسەر جێی خەوتندا: خوا خوایەتی تەڕاییم تێدا نەهێڵێت!

(کۆتایی بەشی یەکەم)

٣

ئەگەر مرۆڤ لە ڕاڕاییەکەی "جیمی پۆرتەر" بە هەموو فۆرمەکانییەوە ورد بێتەوە، تێ دەگات، کە لەبەردەم کارەکتەرێکی شانۆیی هاوشێوەی کارەکتەری "هاملێت" دایە. "ئۆزبۆرن" جۆرە کارەکتەرێکی نوێی هێناوەتە ناوی شانۆی ئینگلیزی، کە پاشخانی کەسایەتی و بنەماڵەکەی لە پاشخانی کارەکتەرە سەرەکییە شانۆییەکانی پێشتر جیایە. "جیمی پۆرتەر" نموونەیەکە لەو گەنجانەی، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زۆر بەهێز دەردەکەون و سەر بە چینی بۆرژوا نین. ئەم "چینە بچووکە، کە چینێکی ڕۆشنبیریی خوارووی چینی بۆرژوا بوون، تووڕەیی و بەرهەڵستیکردنیان لە شانۆنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە" وەکوو "دایڤید وات" ئاماژەی بۆ دەکات[٨]. ئەگەرچی ئاماژە کۆمەڵایەتی و

[٨]. لاپەڕە ٢٤ ـ ٢٠ لە:
Watt, David. ”Class Report”, *Encore*, September 1957.

سیاسییەکان بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە شانۆنامەکەدا زەق دەکرایەوە، بەڵام دواجار، "جیمی پۆرتەر" هەر لەو چوارچێوە داخراوە مێژووییە، کۆمەڵایەتییەی پەنجاکاندا نەمایەوە، بەڵکو بوو بە کارەکتەرێک، کە سنووری زەمەنە دیاریکراوەکەی ترازاند و ڕەنگدانەوەی هەموو زەمەنێکی پێوە دیارە. "شەکسپیر" لە ڕێگای کارەکتەرەکانییەوە، لە ڕێگای ئەو بینینەی، کە لە کارەکتەرەکانییەوە بەرجەستە کران، بوو بە نووسەرێکی هاوچەرخ. هەمان ئەو بینینەش وا لە شانۆنامەی "بە تووڕەیی . . . " دەکات لە هەموو سەردەمێکدا زیندوو بێت. "ستیڤن سپێندەر"(١٩٠٩–١٩٩٥)[٩] هەر زوو بەها ڕاستەقینەکەی ئەم شانۆنامەیەی خستەڕوو. پێوەندییە سۆسیۆلۆژییەکانی شانۆنامەکە یاخود دیوە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکە نەبوو بە جێگای بایەخپێدانی "سپێندەر"، بەڵکو ئەو پێی وایە، کە شانۆنامەکە زیاتر لە درامایەکی شیعری نزیکە تا لە شانۆنامەیەکی سۆسیۆلۆژی[١٠]. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری شانۆنامەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە "ئۆزبۆرن" بە شێوەیەکی سەرەکی بە تەنگ پیشاندانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانە، واتە هەست و جۆش و خرۆش و بارە دەروونییەکانیان. "ڕۆناڵد هایمان" بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە، ئاماژە بە قسەیەکی "ئۆزبۆرن" دەکات، کە دەڵێت، "من دەمەوێ وا لە خەڵک بکەم هەست بکەن، فێریان بکەم چۆن هەست بە شتەکان بکەن. دواجار، هەر بیر دەکەنەوە". وەک چۆن ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمریکی نەژاد، پرۆفیسۆر "هارۆڵد

---

٩ . "ستیڤن سپێندەر"(١٩٠٩–١٩٩٥) شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسی ئینگلیزییە. ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتی بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی بوون.

١٠ . لاپەڕە٧١ لە:

Spender, Stephen. ”Notes From a Diary”, *Encounter* (August 1956)

بلووم"(۱۹۳۰–    ) سەبارەت بە شانۆنامەی "هاملێت" دەڵێت" شانۆنامەی 'هاملێت' دەربارەی هاملێتە، بە هەمان ئاراستەیش، بەڵام بە جیاوازیی دەوروبەرەکە، شانۆنامەی 'بە تووڕەیی . . . ' دەربارەی 'جیمی پۆرتەر'ە، چونکە ئێمە لە شانۆنامەکەدا ڕووبەڕووی شێوەی هەستکردن و باری دەروونی جیمی دەبینەوە"[11]. "بلووم" دەڵێت، "ئەو[جیمی پۆرتەر] کەسێکی سەرلێشێواوە، ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێت و لەگەڵ هەموو شتێکی دەوروبەری ناکۆکە". بە کورتی دانووڵەی لەگەڵ دەورووبەری خۆی ناکولێت. "سیمۆن تروسلەر" بە "پاڵەوانێکی تراژیدی مۆدێرن و تایبەت" باسی لێوە دەکات، کە "نەک هەر لەگەڵ چارەنووسی خۆی ، بەڵکو لەگەڵ مافە بنچینەییەکانی خۆیشی نابەرابەرە.

"راستی، "جیمی پۆرتەر" هاملێتێکی مۆدێرنە. "کێنێت تینان"، کە زوو دانی بە سەرکەوتنی ئەم شانۆنامەیە نا، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە هەندێک شتی هاوبەش کرد لەنێوان کارەکتەری "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر"دا کاتێ گوتی "لە دوای هاملێت ـ شازادەی دانمارک ـ جیمی پۆرتەر گەنجێکی گومڕای زۆر شارەزایە"[12] "جیمی" وەکوو "هاملێت" توانای ئەوەی نییە ڕق و قینە ئەستوورەکەی بەرامبەر بە هێزە خراپەکار و زیانبەخشەکان بۆ هەڵسەنگاندنێکی دروست و بەجێی هەڵومەرجی دونیا بە گشتی یان بۆ لێهاتوویی خۆی لە دەستنیشانکردندا بگەڕێنێتەوە. لەم بارەیەوە بێتواناییەکەی، کەموکووڕییەکی ئەخلاقییە و دەشێت، وەک حاڵەتی "هاملێت"، نیشانەیەک بێت بۆ شێتبوون. هەریەک لە "جیمی پۆرتەر" و "هاملێت"

---

[11]. لاپەڕە ۹۰ لە:

Bloom, Harold, Ed. *Modern Critical Interpretations: Hamlet*. New York: Chelsesa Publishers, 1986.

[12]. بڕوانە:

Tynan, Kenneth.” The Observer (13 May 1956)

نموونەی کارەکتەرێکن، کە لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەیە. ئەوان ئەو دوو مرۆڤەن، کە هەستێک، پشێوییەک لە دەروونەوە دایگرتوون و زیاتر ئەو ڕاستییەیان تێدا بەجەستە دەبێت، کە لە ڕووالەتەوە دەردەکەوێت بەپێی بۆچوونی "تی. ئێس. ئەلیۆت"[١٣]. بە هەرحاڵ، ئەگەر بە وردی لە سەروبەندی شانۆنامەکان بکۆڵینەوە، دەردەکەوێت، کە هیچ شتێک نییە دەربارەی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" یان "هاملێت" یاخود ڕەفتارەکانیان بە ڕادەیەک لێڵ و شاراوە بێت، کە تێگەیشتنی مەحاڵ بێت، چونکە وەکوو ئاماژەمان بۆ کرد، هەریەک لەم دوو کارەکتەرە لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەیە. بەر لەوەی لە دیوە لەیەکچووەکانی ئەم دوو کارەکتەرە ورد بینەوە، با دیوە جیاوازەکانیان دەستنیشان بکەین بەو پێیەی، هەریەکە لەم دوو کارەکتەرە بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی جیاوازە لە ئەوەکەی تر. بەم شێوەیە دەتوانین بنەما هاوبەشەکانی نێوانیان، وەکوو مرۆڤ، ڕوونتر ببینین.

"هاملێت" ئەو شازادەیەیە، کە هەموو خەون و ئاواتەکانی ڕێنیسانس و بەها جوانەکانی مەسیحییەتی سەردەمی "شەکسپیر"ی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. نووسەر پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز و ڕەوشتجوانی، هەروەها هەستکردن بە بەرپرسێتی و بە ئاگابوون لە چارەنووسی پاشایەتی بە کارەکتەری"هاملێت" بەخشیوە. دیارە ئەمەیش خەسڵەتێکە لە زۆربەی پاڵەوانە تراژیدییەکانی "شەکسپیر" بەدی دەکرێت. "هاملێت" کەسێکی تێگەیشتووە. دەزانێت هێزەکانی چاکە و خراپەکاریی لەم دونیایەدا چۆن کار دەکەن. بۆیە کاتێک باسی باوکە لەناوچووەکەی و مامی دەکات، کە دوای باوکی دەبێت بە پاشا، وێنەی "هایپەریۆن" و"ساتیر"ی بە خەیاڵدا دێت. "هایپەریۆن"

---

[١٣]. بڕوانە لاپەڕە ١٤٥ لە:

Eliot. T. S. Selected Essays. London: Faber, 1932.

خواوەندێکی کۆنی یۆنانییەکانە هەروەها "ساتیر"، لە ئەفسانەی گریکی، دەعبایەکە نیوەی لەشی مرۆڤ و نیوەکەی تری ئاژەڵە:

پاشایەکی هێندە باش، لەچاو ئەمە[واتە لەچاو مامی]

وەک "هایپریۆن" بوو لەبەرامبەر "ساتیر"

"هاملێت" داوای لێ دەکرێت تۆڵەی باوکە پایەبەرزەکەی بکاتەوە، بەڵام ئەو وا دەبینێت، کە ئەرکەکەی تەنها تۆڵەکردنەوەکە نییە، بەڵکو پاککردنەوەی هەموو جیهانە لە تاوان. "هارۆڵد جێنکینز" لەم بارەیەوە دەڵێت، "ئەرکی هاملێت، ئەگەر بیخەیتە چوارچێوەیەکی فراوانی ئەخلاقییەوە، تەنها کوشتنی بکوژەکەی باوکی نییە، بەڵکو بەم کارە دەتوانێت دونیا لە هەموو 'ساتیر' ـ دەعبا شەڕانگێزەکان ـ ڕزگار بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ 'هایپەریۆن'ی خواوەند"[١٤]. بە هەرحال، ئەو کارەکتەرە، کە لە بەرپرسیارێتی خۆی دەگات و دەیگرێتە ئەستۆ، لەناخی خۆیدا تۆوی تراژیدیی هەڵگرتووە. خراپەکاریی و چەوت و چەوێڵییەکە بە ڕادەیەک دەبینێت، کە نەک هەر بینینی بۆ کاری چاکە تێک دەشکێنێت، بەڵکو بڕوایشی پێ نامێنێت. ئەمە وای لێ دەکات لە دەروونەوە پەست و بێزار بێت. بۆیە نەک هەر لە ژیانی خۆی بێزار دەبێت، بەڵکو وا دەبینێت، کە هەموو دونیا بۆگەن و ناخۆش و زیانبەخشە. دونیا بووەتە "تۆپەڵێک هاڵاوی پیس و پڕ نەخۆشی" وەک لە دیمەنی دووەمی پەردەی دووەمدا دەڵێت. لەم چوارچێوە فراوانەدا، ناپاکی دایکی دەبێتە ناپاکی هەموو ژنێک، کە پێوەندی ئەمی لەگەڵ "ئۆفیلیا" نەک هەر کاڵ دەکاتەوە، بەڵکو تێکی دەدات. لە ئەنجامدا، "هاملێت" دەبێت بە مرۆڤێکی دڵڕەقی بێبەزەیی. کاتێ لە دیمەنی شانۆگەرییەکەی ناو شانۆنامەکەدا، ڕقی خۆی بەوپەڕی بێبەزەییەوە بەسەر دایک و

---

[١٤]. لاپەڕە ١٣٠ ـ ١٣١ لە:

Jenkins, Harold. Ed. HamlEt. London: Methyen, 1982

مامەکەی دادەبارێنێت، دڵی خۆش دەبێت. "پۆلۆنیەس" و "رۆزنکراتس" و "گیلدستێرن" دەکوژێت بێئەوەی پەشیمان بێتەوە یا هەست بە ئازاری ویژدان بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا، "هاملێت" لای "ئۆفیلیا" هەر ئەو شازادەیەیە، کە مێشکێکی بلیمەتی هەیە و وەک سەرباز بەهێز و لە ژێرییشدا وەک زانا وایە. لە سەرێکی ترەوە، "جیمی پۆرتەر" ئەو پلەوپایە بەرزە و شێوە ڕەفتارەی نییە، کە "هاملێت" هەیەتی. ئەو بەرهەمی واقیعی تاڵی دوای جەنگی جیهانی دووەمە لە ئینگلتەرا، کە تیادا هەموو پێوەرەکان و بینینەکان دابەزین بۆ ئاستێکی زۆر نزم. نائومێدیی و بێزاریی تەواوی کۆمەڵگای ئینگلیزیی گرتەوە. ژیانی "جیمی" یاخود کەسایەتییەکەی هیچ دیوێکی قارەمانێتی نییە. "ئۆزبۆرن" لە تێکستە ڕوونکەرەوەکانی ناو شانۆنامەکەدا، کە حیوار نین، هەوڵ دەدات "جیمی"، کە دووکانێکی بچووکی شیرینەمەنی بەڕێوە دەبات، لە شوققەیەکی یەک ژووریی پەڕپووتدا وەکوو قارەمانێکی دلڕفێن دەرنەخات. "جیمی" وەکوو "ئۆزبۆرن" باسی دەکات "زۆربلێ و دەمشڕە". جیاوازی نێوان "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر" لەوە گەورەتر نابێت، بەڵام ئەگەر قووڵتر لە سەروبەندی هەردوو کارەکتەرەکە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک بنەمای هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. "سامۆیل جۆنسۆن" لایەنێکی باشی "شەکسپیر" لەوە دەبینێت، کە "وا دەکات سرووشت بەسەر ڕووداوەکاندا باڵادەست بێت و . . . . ئەگەر کارەکتەرەکە بە تەواوی ڕابگرێت، ئەوەندە بە تەنگ جیاوازییەکان و زیاتر خستنەسەر و شتە دەرەکییەکان نییە. لە چیرۆکەکەدا پێویستی بە ڕۆمانییەکان و پاشاکانە، بەلام تەنیا بیر لە توخمی پیاو دەکاتەوە"[١٥]. هەر ئەو توخمەیە "هاملێت" لەگەڵ "جیمی

---

[١٥] . لاپەڕە ١٥ لە:

پۆرتەر" دەکات بە هاوبیری یەکتر. سەرەڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان پاشخان و هەڵومەرجی ئەم دوو کارەکتەرەدا هەیە، هەردووکیان گرفتاری بارێکی هاوشێوەن. ئێمە، کە بۆ یەکەم جار ئاشنای "هاملێت" دەبین، بەدەم بێزارییەوە دەتلێتەوە. ناپاکییەکان زۆر خراپ کاریان تێکردووە. تا ئەوپەڕ هەست بە نامۆبوون دەکات. کاتێ تارمایی باوکی چیرۆکی کوشتنەکەی و ئەو ساختەبازیی و ناڕەواییەی بۆ دەکات، کە لەگەڵیدا کراوە و هانی "هاملێت" دەدات بۆ تۆڵەسەندنەوە، "هاملێت" ئەو دونیایە بە لەعنەت دەکات، کە خۆی تێدا لەدایک بووە:

شیرازەی هەڵومەرجەکە تێک چووە. دەک بە لەعنەت بێت ئەو دۆخەی، کە من هەر بۆ ئەوە لە دایک بوومە تا ڕێکی بخەمەوە.

(پەردەی یەکەم/ دیمەنی پێنجەم)

"جیمی پۆرتەر"یش خۆی لە بارودۆخێکی ئاوا دژواردا دەبینێت. بارودۆخێک، کە جەنگی جیهانی دووەم هێناویەتییە کایەوە و تیادا شیرازەی شتەکان تێک چووە و هەر چارەسەرێک یاخود ڕێکخستنەوەیەک بۆ ئەم هەڵومەرجە وەکوو شتێکی دەگمەن و نائاسایی دەکەوێتەوە.

"هاملێت" لە ڕێگای تارماییەکەی پادشای باوکییەوە ئاگادار دەکرێتەوە سەبارەت بە ئەگەری ڕاستکردنەوەی هەڵومەرجەکان، ئەگەرچی هەندێکجار هەست بە تێکشکان دەکات و هیوا دەخوازێت، کە نەبووایە بە ئامرازی تۆڵەکردنەوە:

من نازانم بۆ تا ئێستا بۆ ئەوە دەژیم، کە بڵێم 'پێویستە ئەو کارە ئەنجام بدەم'

---

Johnson, Samuel. Johnsn on Shakespeare. Ed. Walter Raleigh, Oxford: Oxford University Press, 1916

لە کاتێکا پاڵنەر و ویست و هۆ و ڕێگای ئەنجامدانیم بەدەستەوەیە.

(پەردەی چوارەم/ دیمەنی چوارەم)

دۆخەکە بۆ "جیمی" بەم شێوەیە نییە. ئەو دووچاری دەستەپاچەیی بووە. هەموو ڕێگاکان بۆ گۆڕانکاریی و چارەسەرکردن لەبەر دەمیدا داخراون. "جیمی" دژی کەلتووری سەردەمەکەی خۆی دەوەستێت. ئەو کەلتوورەی، کە لە ڕۆژانی یەکشەممە و نەریتە ئایینییەکادا بەرجەستە دەبێت و بە بێدەنگییەوە لەگەڵ بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی و گەشەپێکردنی، هەروەها لەگەڵ سیاسەتمەدارە کۆنخوازەکان، کە "چەندین ساڵە خەڵک دەڕووتێننەوە و لەخشتەیان دەبەن، هاوتەریبە. "جیمی"، کە دەزانێت بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە هیچی لەدەست نایەت تا بیکات، زۆر تووڕە دەبێت. ئەم تووڕەییە هیچ لەبارانەبووەی هێندەی تر گەورەتر دەبێت و زیاتر پەستی دەکات، کاتێک دەبینێت ئەو خەڵکەی دەوروبەری بە کێشەکان نەشڵەژاون و تەقەی سەریان دێت. دۆخەکە شێت و شبری دەکات.

"کلیف" بۆ "جیمی" وەکوو "هۆراشیۆ" وایە بۆ "هاملێت". هەردووکیان، واتە "جیمی" و "کلیف" لە چینی کرێکارن، بەڵام "کلیف" زیاتر جلەوی بۆ دونیا شل کردووە و پشتی لێ کردۆتەوە. کەمتر هەڵچوونی پێوە دیارە. ڕۆڵەکە لە شانۆنامەکەدا تەنها ناوبژیکردن نییە لەنێوان "جیمی" و "ئالیسن"، بەڵکو دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کارەکتەری "جیمی"یە. بۆ نموونە، ئەگەر لەگەڵ "جیمی" بەراوردی بکەین، "جیمی" وەکوو کەسێک دەردەکەوێت، کە خۆی بە زلتر و بە باشتر دەزانێت لە خەڵکی تر و بە خەڵکی ڕەشووڕووتیشەوە، سەبارەت بەوەی لە زانکۆ خوێندوویەتی، ڕۆژنامە دەکڕێت،

خولیای مۆسیقایە، وکو مۆسیقای جاز و "ڤۆن ویلیامز". لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەکەدا دەڵێت:

"جا من ئیش و کارم نییە بچم بەدیار ئەو پیاوە ڕووتە و پووتانەوە دابنیشم، کە شەوانی یەکشەمموان ڕیزی پێشەوەی سینەما دەگرن، بەدەستی خۆم زەوقی خۆم تێک بدەم"گوتمان "جیمی" بە سووکییەوە سەیری "کلیف" دەکات و ڕیسوایشی دەکات، بەڵام لە "ئالیسن" تووڕەیە، ئەو "ئالیسن" ی خۆش دەوێت و هاوسەرییەتی. بۆیە ناتوانێت بیبەخشێت کاتێ بینینی "ئالیسن" لەگەڵ بینینی "جیمی" هاوتەریب نییە، جا دەربارەی بارودۆخەکە بێت یاخود دەربارەی هەڵوێستی بێزاریی و نارەزایی "جیمی" بێت بەرامبەر بە کڵێسای ئەنگلیکانی. "جیمی"، وەکوو کوڕێکی هەرزەی تەمەن دەساڵان، لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی کرێکاران، بە دیار باوکییەوە بوو لەسەرە مەرگدا. ئەم پێوەندییە تایبەتییەی باوک و کوڕ هاوتەریبە لەگەڵ پێوەندییەکەی "هاملێت" بە باوکییەوە. ئازار و ئەشکەنجە و بێئومێدیی هەر لە منداڵییەوە "جیمی"  "فێر دەکات تووڕە بوون و دەستەپاچەیی چییە". لەباری کۆمەڵایەتییەوە، "ئالیسن" هیچ پێوەندییەکی بە "جیمی"یەوە نییە. ئەو هەر بۆ ئەوە شووی بە "جیمی" کردووە تا لەو بارودۆخە خراپەی ناو خێزانەکەی ڕزگار بێت. کاتێ بۆ یەکەم جار چاوی بە "جیمی" دەکەوێت، ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانی "ئالیسن" بەوە ڕازی نابن، کە شوو بە کەسێکی "ئاوا سەیر" بکات، بەڵام "ئالیسن" لەبەر ئەو هۆکارە شووی پێ دەکات، کە لای "هیلینا" باسی لێوە دەکات:

"دەتگوت هەموو شتێ لە جیمیدا شەوق و ڕووناکی دەدایەوە، دەموچاوی، قژە بە بریسک و باقەکەی پڕشنگیان دەباراند. چاوەکانی زۆر شین بوون و وەکوو خۆر گەش و بە شەوق بوون.

ئەگەرچی چرچ و لۆچی ماندوێتی بەدەم و لێویەوە دیاربوو، بەڵام تابلێی گەنج و ناسک دەهاتە بەرچاو . . . هات و هاواری توورەیی و حەپەسان لەناو خێزانەکەی ئێمەدا بەرز بووەوە، بەلام لەئەنجامدا سەری گرت. ئەگەر منی خۆشویستبێت یا نا. . مەسەلەکە وا کەوتەوە. جیمی بڕیاری خۆی دا کە بمخوازێ. دایک و باوکیشم هەموو هەوڵێکیان دا ئەم کارە سەرنەگرێت"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

بە هەرحاڵ، دوای ئەوەی دەبن بە هاوسەر، هەر یەکەیان لەسەر پێوەندییەکان و بیروباوەڕەکانی خۆیدا بەردەوام دەبێت. "جیمی" پێی ناخۆشە، کە "ئالیسن" پێوەندی لەگەڵ دایک و باوکییەوە هەیە، چونکە ئەوان بە ئاشکرا ڕقیان لە "جیمی"یە. بێجگە لەمەیش، "ئالیسن" هاوڕییەتی "هێلینا"ی لا باشترە، کە لەگەڵیدا دەچێت بۆ کلێسا لەوەی هاوسۆزی لەگەڵ "جیمی" پێشان بدات.

بۆشاییە گەورەکەی نێوان "جیمی" و "ئالیسن" هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە تەنانەت لە دەرەوەی ئەو ململانێ چینایەتییەی، کە لە پەنجاکاندا جێگای بایەخپێدان بووە. ئەمەیش ڕێگا بۆ ناکۆکییەکان خۆشتر دەکات. دیارە "جیمی" مرۆڤێکی هەستیار و ئایدیالیستە، پێی وایە شتەکان بەهاکانی خۆیانیان لەدەست داوە و جیهان ئاڕاستەیەکی هەڵەی گرتووە. لە بەرامبەر ئەمەیشدا، "ئالیسن" بێهەست و سەرسەختە، گوێ بە هیچ نادات. ئێمە هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەبینین، کە "جیمی" بە توندی هێرش دەکاتە سەر هەموو کەسێک بۆ ئەوەی لانی کەم "بوون"ی خۆی بسەلمێنێت. کەواتە پیاوێکی بە کردوکۆشە و دەیەوێت بۆ گۆڕینی بارودۆخە ناهەموارەکە ڕەفتار بکات، بەڵام ڕووبەڕووی دەستەپاچەیی دێتەوە. بە واتایەکی تر، وەکوو "هێلینا" بە "ئالیسن" دەڵێت، "جیمی" لە

سەردەمێکی هەڵەدا لەدایک بووە، سەردەمێک، کە مرۆڤی ئایدیالیستی وەکوو "جیمی" هیچ بوارێکی پێ نادرێت تا ڕەفتار بکات. بۆیە لە دەستەپاچەیی خۆیدا دەتلێتەوە و هیچی لەباردا نابێت:

**هێلینا**

ئایا دەزانی _ لەم دواییەدا زانیم نەگبەتی "جیمی" لە چی دایە؟ مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە. ئەم کابرایە لە سەردەمی خۆیدا لەدایک نەبووە.

**ئالیسن**

بەڵێ، دەزانم.

**هێلینا**

لەمەودوا جێگەی پیاوی وا نابێتەوە، نە لەنێو دونیای سێکسدا، نە لە مەیدانی ڕامیاریدا و نە لە هیچ بوارێکی دیکەدا. بۆیە، ئەو کەڵکی نەماوە و خەریکی شتی قۆڕە . . .

(پەردەی دووەم/ دیمەنی دووەم)

کەواتە "جیمی" بۆی بڕاوەتەوە، کە دەبێ بێئومێد و لە دونیا بێزار بێت. لەسەرێکی ترەوە، ئەگەر ئێمە بەدوای لێکدانەوەیەکی ورد و بەجێدا بگەڕێین بۆ ناکۆکییەکانی "جیمی" لەگەڵ خەڵک و شتەکاندا، ڕەنگە تووشی هەندێک کۆسپ ببێین سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کارەکتەرە، کە بریتییە لە کۆمەڵێ ئاڕاستەی پێچەوانە و ناکۆک. مرۆڤ هەندێکجار لەوە دڵنیا نییە، کە ئاخۆ تووڕەبوونەکەی "جیمی" لە "ئالیسن" لە ڕوانگەی ئارەزووویەکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ ڕزگارکردنی "ئالیسن" یان ئەمە تەنها دیوی دەرەوەیە و لە پشت ئەمەوە ئارەزووویەکی بەهێز هەیە بۆ دەسەڵات بەسەردا سەپاندن. ئامانجەکانی ناکۆکن: لە کاتێکدا هێرش دەکاتە سەر

"کلیف" لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی "نیو ستەیتس مان" ناخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا هێرشی دەکاتە سەر لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە. لێرەدا لەیەکچوونێک هەیە لەنێوان "هاملێت" و "جیمی". مرۆڤ زۆر جار هەست و کردەوە سستەکانی "هاملێت" ی بۆ ڕوون نییە. "بێرت. ئۆ. ستەیتس" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی "هاملێت" دەڵێت، "ئێمە نابێت بەدوای شتێکدا بگەڕێین، کە پێوەندییەکی بابەتیانەی بە لێکدانەوەی پاڵنەرەکانی هاملێتەوە هەبێت، بەڵکو پێویستە بە دوای ئەو دیوە ئیستاتیکیانەدا بگەڕێین، کە پێوەندیان بە پاڵنەرەکانی شەکسپیرەوە هەیە" [١٦]بە هەمان شێوە، ئێمە پێویستە تووڕەییەکەی "جیمی" لە ڕوانگەی  خەڵک و هەلومەرجە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری ئەو لێک نەدەینەوە. مرۆڤ باشتر لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی "جیمی" دەگات ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین، کە "ئۆزبۆرن" خەسڵەتەکانی هاوشێوەی کارەکتەری "هاملێت"ی پێ داوە.

وەکوو"هاملێت"، نابێت کارەکتەری"جیمی پۆرتەر"هەڵسەنگێنین یا ڕیسوا بکەین لە ڕوانگەی کردار و ڕەفتارە ناشیرینەکان و قسە ڕەقەکانی بەرامبەر بە کارەکتەرەکانی تر. با سەیرێکی ژن بکەین لە ژیانی ئەم دوو کارەکتەرە:  هەردووکیان بە تەواوی دڵڕەقن بەرامبەر بە ژنەکان. "جیمی"، دوای ئەوەی بێبەزەییانە گاڵتە بە "ئالیسن" دەکات و هەڕەشەی لێ دەکات، چونکە دەیەوێت لەگەڵ "هێلینا" بچێت بۆ کلێسا، دەڵێت:

---

[١٦]. لاپەرە ٢٥٠ لە:
States, Bert O. "The world pictures in *Hamlet*" Hudson Review (Autumn 1973)

"ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتەوێ بگەڕێیتەوە لام. من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم. حەز دەکەم لەناو فرمێسکەکانتا بوەستم و شڵپەیان پێ بکەم و گۆرانی بڵێم. پێم خۆشە لەوێ بم و بتبینم چۆن خۆت بەسەر دەمدا ڕادەکێشیت. حەز دەکەم لەوێ بم و سەیرت بکەم. پێم خۆشە لە ڕیزی پێشەوە بم.

(هێلینا دێتە ژوورێ دوو کتێبی نوێژی بەدەستەوەیە)

دەمەوێ دەموچاوت ببینم چۆن لە قوڕ وەرداوە. ئەمە هەموو هیواو ئاواتی منە. ئیتر هیچ ئاواتێکی دیکەم نییە"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

دواتر، کاتێ "هێلینا" بە "جیمی" دەڵێت، کە ژنەکەی بە ئومێدی منداڵبوونە، "جیمی" خۆی دلڕەق و بەدڕەوشت دەردەخات:

". . . تۆ بە ڕاستی چاوەڕوانت دەکرد من بە دڵتەنگییەوە بە چۆکدا بچم و بەپەشیمانییەوە شکست ببەم!

(لە هێلینا نزیک دەبێتەوە. )

گوێ بگرە. . ئەگەر واز لە پەند و ئامۆژگاری ژنانەت بێنیت، شتێکت پێ دەڵێم: بەلامەوە گرنگ نییە (هێمنتر دەدوێ)

بەلامەوە گرنگ نییە گەر ئەو منداڵە دوو سەری هەبێت!

(جیمی دەزانێ هێلینا پەنجەکانی دەخورێن)

وام کرد قێزت بێتەوە؟"

ئەگەرچی مەبەست لە تووڕەبوونەکەی "جیمی" هێرشبردنە بۆ سەر "ئالیسن"، بەڵام ژنەکانی تریش، وەکوو "هێلینا" و دایکی "ئالیسن" بەدەر نین لەم هێرشکردنە سەرە. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەی، کە "هاملێت" لە دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا دەری دەبڕێت سەبارەت بە ژن، کاتێ دەڵێت: "ئەی لاوازیی فریوخواردوو! تۆ

ناوت ژنە" و سەرزەنشتی هەموو ژن دەکات، هەمان ئەو بیرۆکەیە لای "جیمی"یش هەیە کاتێ دەڵێت:

"کە تۆ ژنێک بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەبینیت، هەست دەکەیت چ قەسابێکی پاکوتەمیزە. . . جارێکیان لە ژوورێکدا دەژیام. . دوو کچیش لە باڵەخانەکەی سەرەوە بوون. ئەو دوو کچە زۆڵانە بە شەو و بە ڕۆژ هەرچی شتێکی نابەجێیان کردبا، دەتبیست . . . دەرگایان بە توندی دادەخست، پاژنەی بەرزیان بە قایم لە زەوی دەکوتا. هەر مەنجەڵ یا ئامێرێکی ئاسن، کە بەکاریان دەهێنا، تەقەتەقیان پێ دەکردن - بەزم و ڕەزمی گەرم و نەبڕاوەی ئافرەت"
(پەردەی یەکەم)

به هەمان شێوە، دڵڕەقی "هاملێت" بەرامبەر بە "ئۆفیلیا"، بە تایبەتی کە باسی خەڵوەتگای ژنان دەکات، تەنها "ئۆفیلیا" ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ژنێک دەگرێتەوە:

"بڕۆ بۆ خەڵوەتگایەکی ژنان. بۆ نابیت بە بەخێوکەری گوناهباران؟ . . . من زۆرم دەربارەی ڕووکەشکاریی ئێوە بیستووە. خودا دەموچاوێکی بە ئێوە داوە، کەچی ئێوە خۆتان دەکەن بە یەکێکی تر. سەما دەکەن. بە لەنجەولار دەڕۆن و بە چپە دەدوێن. ناو و ناتۆرە لەوانە دەنێن، کە خودا دروستی کردوون و خۆتان لە ئاڵووش و داوێن پیسیتان بێئاگا دەردەخەن. بڕۆ، من چیتر ڕێگا بەم قسانە نادەم. منیان شێت کرد. دەڵێم جارێکی تر هیچ زەماوەندێک نابینین"
(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

بە هەرحاڵ "جیمی"، بە پێچەوانەی "هاملێت" دەزانێت ـ ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ـ کە هێرشکردنە سەر هەموو ژنێک لە ئەنجامی بێئومێدییەکەیەتی لە نەگەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی:

"هیچ ئامانجێکی دروست و بەجێ نەماوە . . . نەخێر گیانە، هیچ شتێ نەماوەتەوە، تەنها ئەوە نەبێ، خۆت بدەیتە دەست ژنان تا بە دڕندانە بتکوژن"

(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

سەرکەوتنی هونەر لەوەدایە، کە سەرەڕای ئەوەی هەریەک لە "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر" لە دونیای ناو خەیاڵی خۆیاندا بە شێوازی جیا جیا جلەو بۆ ڕەفتاری ناپەسند شل دەکەن، کەچی نەک هەر بینەر یا خوێنەر لە کارەکتەرەکانیان دەگەن و هاوسۆز دەبن لەگەڵیان، بەڵکو ڕێز و خۆشەویستی ئەو ژنانەیش، کە بە ئاشکرا ڕەفتاری خراپیان لە بەرامبەردا دەکەن، بەدەست دێنن، وەکوو "ئۆفیلیا"، "ئالیسن" هەروەها "هێلینا". لە بەرامبەر بێبەزەییێتی "هاملێت"، "ئۆفیلیا"، دوور لە هەموو گلەییلێکردنێک داخ و خەفەت بۆ تێکچوونی مێشکی ئەو مرۆڤە بەرزە دەخوات:

"ئۆه، ئەوە چ مێشکێکی بلیمەتە، ڕووخاوە!
زمانی ڕاوێژکاری پاشا و شمشێری سەرباز و بینینی زانایان،
. . . ئاوێنەی ڕەفتاری جوان و داڕێژگەی فۆرمی لەش،
جێی سەرنجی سەرنجدەران، بە تەواوی، بە تەواوی ڕووخاوە!"

(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

"هاملێت" لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکان، خۆشەویستی خۆی بۆ "ئۆفیلیا" دووپات دەکاتەوە:

"من ئۆفیلیام خۆش دەویست، چل هەزار برا

به هەموو خۆشەویستی خۆیانەوە،
ناتوانن هێندەی من ئەویان خۆش بوێت. "

(پەردەی پێنجەم/ دیمەنی یەکەم)

هەڵبەت ئێمە دەزانین قسەکەی "هاملێت" ڕاستە تەنانەت ئەگەر ڕەفتارەکانی لە شانۆنامەکەدا پشتگیریی لە بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەم قسانەیش بێت.

لە حاڵەتی "جیمی پۆرتەر"دا، ئێمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای "کلیف"، "هێلینا"، "ئالیسن"، تەنانەت "کۆڵۆنێل ڕێدفرێن"ی باوکی "ئالیسن"یش، کە دەڵێت " هەڵبەت جیمی بەڕێز و دڵپاکە، هەرچییەکی تر بێت"، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بەڕاستی خۆشەویستە. بێجگە لەمەیش، خۆیشی "ئالیسن"ی خۆش دەوێت. لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەکەدا، "کلیف" بە "ئالیسن" دەڵێت: "دواجار، ئەو[جیمی] تۆی خۆش دەوێ. وا بزانم پێویست ناکا من ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم"

ئەو کاتەی "جیمی" و "ئالیسن" بۆ یەکەم جار لەسەر تەختەی شانۆدا بە تەنیان، وەکوو دوو عاشق دەکەونە بەرچاو بەتایبەتی کاتێ "جیمی" پێی دەڵێت:

"ساتێک ناڕوات بێئەوەی سەیری تۆ نەکەم و ئارەزووت نەکەم. پێویست بوو بە هەر شێوەیەک بێت سەرزەنشتت بکەم. ئاخر ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت من و تۆ لەم ژوورەدا، بە شەو و بە ڕۆژ بەیەکەوەین و کەچی تا ئێستاش، کاتێ دەتبینم، کارێک دەکەیت، کارێکی ئاسایی لە شێوەی خۆچەماندنەوە بەسەر مێزی ئوتووکردندا، بە دەست خۆم نییە خەفەتت بۆ دەخۆم"

(پەردەی یەکەم)

شتێکی سەیر نییە، کە دەبینین "ئالیسن" لەبەردەم خۆشەویستییەکەی "جیمی" هەست دەکات، کە "هەموو شتێ خەریکە بچێتەوە شوێنی شایەستەی خۆی"، تەنانەت "هێلینا"، ئەو ژنەی، کە "دەسەڵاتی زاڵی دایکانەی هەیە "و بە شێوەیەک ڕەفتار دەکات، کە "مایەی هێز و ڕێز و سەرسامییە" و یەکێکە لە " دوژمنە ڕاستەقینەکانی" ئەو، بە "جیمی"یەوە سەرسام دەبێت و بە ویستی خۆی دەبێتە دۆستی و شوێنی "ئالیسن" دەگرێتەوە. کاتێ "ئالیسن" لە دوای منداڵ لەبارچوونەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ لای "جیمی"، "هێلینا" ئەو بەجێ دێلێت، بەڵام پێش ئەمە، لە دیمەنی دووەمی پەردەی سێیەمدا بە "جیمی" دەڵێت: " بەڵام جیمی من بەڕاستی خۆشم ویستی. هیچ کاتێک کەسێکی دیکەم ئەوەندەی تۆ خۆش ناوێت"

کەواتە، "جیمی" لە بنەڕەتدا کەسێکی چاکە، کارەکتەرێکی هەستیار و ئایدیالیستە. بە دوای ئاواتە بەرزەکانییەتی، بەڵام ڕەوشت و تایبەتمەندێتییە کەسایەتییەکەی و هەڵومەرجەکانی دەوروبەری وای لێ دەکەن ببێت بە کەسێکی دەمشڕی قسەڕەق و بێنەزاکەت. دوور نییە "ئۆزبۆرن" نەخشەی شانۆنامەکەی وا داڕشتبێت، کە بە هەموو واقیعی ئەم کارەکتەرەدا بچێت، کە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندێتی جیاواز و ناکۆکی لەخۆ گرتووە. لە دەستپێکی شانۆنامەکەدا، "ئۆزبۆرن" بەم شێوەیە باسی "جیمی پۆرتەر" دەکات:

"جیمی مرۆڤێکی ئاڵۆزە، تێکەڵاوێکە لە دڵسۆزیی و ڕق و کینەیەکی ئومێدئامێز، لە ڕووخۆشی و بێبەزێتی تاڵانکەر، لە نائاسوودەیی و بێزاریی لەگەڵ ئەوپەڕی لووتبەرزیی. تێکەڵاوێکە، کە دڵی مرۆڤی هوشیار و بێمێشک وەکوو یەک دەڕەنجێنێت. خەڵک زۆر کەم هاوڕێیەتی ڕاستگۆیی ڕووکەش یاخود ئەو ڕاستگۆییە

دەکەن، کە بە سووکەوە سەیری خەڵک دەکات، وەک ئەوەی جیمی. ئەو هەستیارییەی جیمی، بۆ زۆربەی خەڵک، دەچێتە ئاستی ڕەفتارێکی ناشیرین و کرچ و کاڵ. هەندێکیش بە زۆربڵێیەکی دەمشڕی دەزانن و هیچی تر"کە مرۆڤ وەک جیمی توندوتیژ بێت، مانای ئەوەیە خۆی بە هیچ لایەکدا ساغ ناکاتەوە"

کە ڕووداوەکان بەرە بەرە پێش دەکەون، خەسڵەتە دژەکان لە کەسایەتی "جیمی" ڕوونتر دەردەکەون و ئەگەرچی دیوە نەگەتیڤەکانی بۆ ئیمەی بینەر یا خوێنەر زیاتر پێشان دەدرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەی "ئۆزبۆرن" لە کۆتایی شانۆنامەکەدا بە لێهاتووییەوە بە ئەنجامی دەگەیەنێت، ئەوەیە، کە دیوە پۆزەتیڤەکانی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" بە درێژایی شانۆنامەکەدا بۆ ئێمە ڕوون بووەتەوە، هەرچەندە بە ڕادەیەکی کەم هەستی پێ دەکرێت. کارەکتەرەکانی تری ناو شانۆنامەکە بەرەبەرە لە کەسایەتییەکەی "جیمی پۆرتەر" دەگەن و لەگەڵ تەنگ و چەڵمەی ناو دونیای "جیمی" هاوسۆز دەبن بە ڕادەیەک، کە "جیمی" و "ئالیسن" لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکەدا لە گەمەی "ورچ و سمۆرە"کەدا یەک دەگرنەوە، چونکە هەردووکیان زیاتر ئاشنای خۆیان و ئەو دونیایە دەبن، کە تێیدا دەژین. بۆیە "ئالیسن" لە کۆتایی شانۆنامەکەدا ددانی پێدا دەنێت، کە ئەو بەهەڵەدا چوو بوو:

"من تاوانبارم ! من تاوانبارم. چیتر نامەوێ دوورەپەرێز بووەستم و تێکەڵی هیچ نەبم . . .

لێرەدا "جیمی"یش داوا لە "ئالیسن" دەکات نەهێڵێت نینۆکەکانی درێژ ببنەوە، چونکە ئەو، واتە "جیمی" "ورچێکی بلّح و بەد و هەڵەشە[یە]".

بەم شێوەیە، شانۆنامەکە لە کەشێکی لە یەکترتێگەیشتن و قبووڵکردن و ئاشتبوونەوە کۆتایی پێ دێت. "جیمی" و "ئالیسۆن" لە پێویستی قبووڵکردنی دونیاکە سەرەڕای کەمووکورتییەکانی دەگەن، هەروەک لەوەش دەگەن، کە خۆشەویستی چەندە گرنگە بۆ ژیانی ئەوان.

سەرنج:

• دەقەکانی تایبەت بە شانۆنامەی "بەتووڕەیی ئاوڕ لە ڕابوردوو بدەرەوە" بە کەمێک دەسکارییەوە هەر لەو شانۆنامەیە وەرگیراوە، کە شێرزاد حەسەن لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

• دەقەکانی تایبەت بە شانۆنامەی "هاملێت" بە کەمێک دەسکارییەوە هەر لەو شانۆنامەیە وەرگیراوە، کە د. ئازاد حەمەشەریف وەریگێڕاوە و لە زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس ژمارە ١٩ی پێ دراوە.